دوکتۆر بەدیعا لەعلاکۆ.. پسپۆڕێکی بەناوبانگ لە بواری (ڕەحم)

بەدیعا-بەهرێ

دوکتۆر بەدیعا لەعلاکۆ ئەندامێکی چالاکی (ڕێکخراوی ئاشووری بۆ مافی مرۆڤ) لە سوێد، هەروەها ئەندامێکی چالاکی ئەنجومەنی نووسەرانی ئاشووری لە سوێدە. لە 23-9-2004 لە ژمارە 114ی بەهرێدا چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ ئەنجام دا، کە تیایدا باسی لە چالاکییەکانی دەستەی ئافرەتانی ئاشووری لە سوێد کرد، کە ئەو سەرۆکایەتی دەکات. لە ژمارەکانی تردا بابەتی جۆراوجۆری بڵاو کردۆتەوە، کە زۆربەیان باسی لە کێشەی ئافرەتان دەکات. لە ژمارەی ئەمڕۆماندا لەگەڵ دوکتۆر بەدیعا لەعلاکۆ دانیشتووین و باسی لە چالاکییەکانی ئەنجامدراو و پڕۆژەکانی داهاتووی دەستەی ئافرەتان دەکات.

* دوکتۆر بەدیعا، تۆ ئەندامی ئەنجومەنی نووسەرانی ئاشووری لە سوێدیت، ئەو ئەنجومەنە چ کارێکی هەیە؟

– ئەنجومەنی نووسەرانی ئاشووری لە سوێد لە ساڵی 2000 دامەزراوە، ئێستا 30 ئەندامی هەیە، ئەندامانی ئەنجومەنەکە لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ئەدیبانی ئاشووری پێکهاتووە، ئامانجی سەرەکی ئەنجومەنەکە بڵاوکردنەوەی ئەدەبی ئاشووری و پاراستنی زمانی ئاشووری و ڕێکخستنی کۆڕ و کۆبوونەوەی نووسەرانە.

* ئەندامێتی تۆ لە ئەنجومەنەکەدا چۆن دەستی پێکرد؟

– لە ساڵی 2002 لە کۆڕێکی نووسەراندا بەشداری کرد، لەوێ ئاشنای ئەندامانی ئەنجومەنەکە بووم، دوای ماوەیەک داوایان لێکردم ببم بە ئەندامی ئەنجومەنەکە، منیش ڕازی بووم.

* ئەنجومەنەکە چ پڕۆژەیەکی هەیە بۆ داهاتوو؟

– ئێستا پڕۆژەی ئەوەمان هەیە کە ئەنجامی توێژینەوەیەک بڵاو بکەینەوە لەسەر ئەو ژمارە زۆرەی ئافرەتانی ئاشووری کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە سوێد خۆیان سووتاندووە، هەروەها